www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18-6-2007 16:09

لە هەولێر یانزەهەمین پێشانگای کۆمەڵەی هەروەزی دەست رەنگینەکان کرایەوە ... هەرمان

هەولێر.

بە ئامادە بوونی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ژمارەیەکی بەرچاو لە لێپسراوانی حزبی و حکومی ئەمرۆ دووشەمە لە هۆڵی گەلەری کوردستان لە شاری هەولێر کۆمەڵەی هەرەوەزی دەست رەنگینەکانی سلێمانی بە هاوبەشی کارگەی جەوادی نیزامی ئێران و بە هاوکاری مەکتەبی هەولێری رێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی ن ك) یانزەهەمین پێشانگای کاری دەستی کردەوە.

وە هەروەها ئەم پێشانگایە ماوە سێ رۆژ دەخایەنێت و وە سەرجەم کارەکانیش کاری دەستی بوون، جێگای ئاماژە پێکردنە کە کۆمەڵەی هەروەزی کارە دەسترەنگینەکان ئامانجیان زیاتر بە هێز کردن و دەرخستنی تواناکانی ژنانە لە کوردستان.

دواتر سەرۆکی پەرلەمان لە دەفتەری یاداشتدا لە چەند دێرێك دەست خۆشی و پشتیوانی خۆی بۆ ئەم کۆمەڵەیە دەربری بوو لە بە ئەنجامدانی کاری لەم جۆرەیە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.